ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
47
10 ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر 2022

## ئازادیی ژن و یەکسانیخوازی، سیکولاریزم، وەستانەوە دژی نەداری و نایەکسانی... خەسلەتی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئێران پێکدەهێنن!



## ئیرادەی جەماوەر لە ئایندەی شۆرشی ئێراندا!

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەربارەی خرۆشانی جەماوەری لە دژی رژێمی جمهوری ئیسلامی!

بۆ لاپەڕە ٥



## درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و مزایەدەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی!

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ١١



## جامی جیهانی یان گۆرستانی کرێکاران !

مستەفا باهیر

بۆ لاپەڕە ١٣

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## رژێمی ئێران هەڕەشەی کۆمەڵکوژی دەکات!



موحسین کەریم

دوای ئەوەی کە رژێمی ئیسلامی ئێران بەرامبەر بەخرۆشانی شۆرشگێرانەی ژنان و لاوان و خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دەستەوەستان مایەوە نەیتوانی بەکوشتنی سەدان خۆپیشاندەرو زیندانیکردنی هەزاران، بەئەنجامدانی تاوانی زیندانی ئەوین و کوشتاری نوێژخوێنانی بلوچ لە زاهیدان و.... پاشەکشە بەجەماوەری راپەریو بکات، دواهەمین کارتی خۆی بۆ سەرکوتی جەماوەری خرۆشاو راکێشا!

رژێمی ئیسلامی، بۆئەوەی سیفەتێکی شەرعی بدات بە سیاسەتی کۆمەڵکوژیەکەی، لەجیاتی فەرماندەکانی سوپاو لەشکرو پاسدارو بەسیج ، ئەندامانی مەجلیسی ئیسلامی( پەرلەمان) بە دەنگی ٢٢٧ ئەندام لەکۆی ٢٧٠ ئەندام، داوای لە دەسەڵاتی دادوەری کرد سزای سێدارە بەسەر خۆپیشاندەراندان جێبەجێ بکات! دوای ئەوەش فەرماندەی هێزە زەمینیەکانی سوپا هەرەشەی ئەوەی لە خۆپیشاندەران کرد کە تائێستا هەموو هێزی خۆیان بەکارنەهێناوە! لەهەنگاوی یەکەمی جێبەجێکردنی هەڕەشەکەیاندا، دادگای رژێمی ئیسلامی فەرمانی سێدارەی بۆ دوو زیندانی خەڵکی زاهیدان دەکرد کە پێشتر دەستگیر کرابوون و لە رۆژی ٦ی مانگدا لەسێدارە دران. هەڕەشەی سێدارەدانیش لەسەر دوو رۆژنامەوانی ژن هەیە کە پەردەیان لەسەر تاوانی کوشتنی ژینا ئەمینی لەلایەن پۆلیسی ئیرشادەوە، هەڵماڵی!

بۆ لاپەڕە ٢

# درێژەی....... رژێمی ئێران هەڕەشەی کۆمەڵکوژی دەکات!

رژێمی تاوانباری ئیسلامی ئێران، کە بەتەواوی ترسی مەرگی لێنیشتوە، بەوەوە نەوەستاوەو شەپۆلێکی رەشبگیری خۆپیشاندەرانی بەتایبەتی لە شارەکانی ئێران ( بێجگە لەکوردستان کە توانای ئەو کارەی نیە) دەستپێکردوەو تائێستا دەیان هەزار کەسی دەستگیرکردوە، تا لەو رێگایەوە کۆتایی بەخۆپیشاندانەکان بهێنێ و ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم زیندانیانە وەکو بارمتە بەکاربهێنێ و تاوانێکی مەترسیدار دەرهەق بەوان ئەنجام بدات.

بەڵام ئەم رژێمە دڕندەیە کە لەماوەی ٤٣ ساڵ تەمەنی نەگریسیدا دەیان هەزار هەڵسوڕاوی سیاسی لەسێدارەداوەو یان کوشتاری سەرجادەیی بەناوی (دوژمنانی خودا)وە بەڕێخستوە، هەموو شێوازەکانی سەرکوتی خۆی دژی خەڵکی شۆرشگێڕی ئێران تاقیکردۆتەوەو رۆژدوای رۆژ نارەزایەتی و دژایەتی خەڵک بۆ ئەو رژێمە نەک ساردو خاو نەبۆتەوە، بەڵکو بەتێپەڕینی تەمەنی رژێم، نارەزایەتی خەڵک فراوانتر و گشتگیرتر و ڕادیکاڵتر و جەربەزانەتر بوە. بەجۆرێک کە لەماوەی نزیک بە دوو مانگی ڕابردوودا، لاوانی کچ و کوڕ و خوێندکاران جیهانیان تووشی سەرسوڕمان کردوە لە ئازایەتی و چاونەترسی بەرامبەر بە دەسەڵاتێک کە لە تەپڵی سەریەوە تا نوکی پێی چەکدارە و خاوەنی دەیان هەزار هێزی چەکداری بەسیجی و پاسدارو دامەزراوەی دیکەی تیرۆریستیە! هاوکات هاتنەمەیدانی مامۆستایان و خانەنشینان و کرێکارانی دامەزراوە پیشەسازیەکانی ئێران و بەشدارییان لەخرۆشانی جەماوەری کچان وکوڕانی لاودا، ئەوە نیشان دەدات کە خەڵکی ئێران بڕیاری کۆتایی خۆیان داوە بۆ روخاندنی رژێمی ئیسلامی ئێران و سەرکوت و هەڕەشەکانی رژێم نایانگێڕێتەوە!

ئەزمونی شۆڕشە جەماوەریەکانیش نیشانیان داوە کە سەرەنجام دەسەڵاتە سەرکوتگەر و دڕندەو ئینساکوژەکان، ئەوکاتەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و لاوان و ژنان بڕیاریان دابێت، دەتوانن لەسەر کورسی دەسەڵات کێشیان بکەنە خوارەوە. بۆیە ئەو هەڕەشانەی جمهوری ئیسلامی لە بەرپاکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی دژی خۆپیشاندەران و زیندانیەکان، دەیکەن، تەنها نیشاندەری ئەوەن کە ئەو رژێمە هارو دڕندەیە رۆژەکانی کۆتای تەمەنی خۆی دەژمێرێ، بۆیە سڵ لە دڕندانەترین شێوەی سەرکوت ناکاتەوە. بەڵام خەڵکی ئێرانیش بڕیاری خۆیان داوە بۆ ریشەکێشکردن و پێچانەوەی بارگەو بنەی ئەم رژێمە خوێنخۆرە کە ٤٣ ساڵە بە ئاگرو ئاسن حوکمیان دەکات، بۆیە ئەوانیش سڵ لەدانی قوربانی ناکەنەوە!

کوانوی شۆڕرشی جەماوەری ئێران بە هەڕەشەکانی کۆمەڵکوژی زیندانیانی خۆپیشاندانەکان و خۆپیشاندەران سارد نابێتەوە. گڕی شۆرش رۆژبەڕۆژ زیاتر کڵپە دەستێنێ و تا گەیاندنی پەیامەکەی بە کۆتایی دانامرکێتەوە! پشتیوانی جیهانی بۆ ئەم شۆرشە فراوانتر بۆتەوە. کرێکاران و ژنان و لاوانی ئازادیخوازی دنیا و بەتایبەتی ناوچەکە ئەرکی مێژوویی و چینایەتی و سیاسیمان لەسەرە کە دژی ئەم هەوسارپچڕانەی جمهوری ئیسلامی بوەستینەوەو لەپاڵ خرۆشان و شۆڕشی جەماوەری خەڵکی ئێراندا بەهەموو تواناوە ڕابوەستین. خەڵکی ئێران جەنگی ئێمە؛ کرێکاران و زەحمەتکیشان و ژنان و لاوانی کوردستان و عێراق و یەمەن و سوریا و لوبنان و ناوچەکە دەکەن. ئەوان لە قەڵای ئیسلامی سیاسیەوە خەریکن جەنگی ئازادی خۆیان و ئێمە دەکەن. ئەم شەڕە بۆ هەموومان چارەنوسازە. دەبێ بەشداری جدی بکەین.

★

**جوڵانەوەی ئیسلامی لە خۆرهەڵاتی ناوەراست و لەئاستی نیونەتەوەییدا بە هەرەسی رژێمی ئیسلامی ئیران لەهەناسەدان ئەکەوێت. شکستی جمهوری ئیسلامی لەئێراندا لەجەرگەی خرۆشانێکی سکولاریستیی مەزنی جەماوەریدا روودەدات. خرۆشانیک کە دەست بۆ بنەماکانی بیرکردنەوەی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی دەبات و نەتەنها لە بیرورای گشتی جیهاندا ترۆی دەکات، بەڵکو مەحکوم و ریسوای ئەکات. شکستی رژێمی ئیسلامی شتێکی لەبابەت هەرەسی ئەڵمانیای نازی دەبێت. هیچ فاشیستیک ناتوانێ بەسادەیی و تەنها بەخۆجیاکردنەوەی مەکتەبی و ریکخراوەیی خۆی لەم جەمسەرە هەرەسکردوەدا هەڵوێست و جێگاورێگای خۆی بپارێزێت.**

مەنسوری حیکمەت، مێزگردی "بالاکردن و ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی" ٢٠٠١

# ئیرادەی جەماوەر لە ئایندەی شۆڕشی ئێراندا!

## عوسمان حاجی مارف

بێئیرادەکردنی ئینسانەکان لە پێکهاتەو خەسڵەتەکانی سیستمی سەرمایەدارییە، بەو مانایەی ئەم سیستەمە ئینسانەکان ناچار دەکات کێشبن بۆ بازاڕی کار تا هێزی کاریان بفرۆشن، کرێکارانیش تا بتواننهێزی کاریان وەک کالآیەک لە بازاردا ساغ کەنەوە، وەبە ناچاری بژێوی ژیانیان دابین بکەن،لە ناو بازاڕی سەرمایەداریدا،هیچ هەڵبژاردەیەکیان نیە کە ئارەزوو دەکەن یا دەتوانن چ کارێک ئەنجام بدەن.!، بەڵکو کاروو مامەڵەی کار کە سەرمایەداران پێویستیانە بریار دەدات کرێکاران دەبێت چ کارێک بکەن، واتە چارەنوسی بژێوی کرێکار لەژێر سایەو ڕەحمەتیمامەڵەی بازاڕدایە، نەک ئیرادەو خواست و ئارەزوی کرێکار خۆی. ئەمەش ئەو پەری بێ ئیرادەکردنی ئینسانەکانە کە دەچێتە ناو قالبی چوارچێوەیەکەوە، لە هەر شوێنێکی دنیای پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بێت بێئیرادەیی ئیسانەکان و قەبوڵکردنی کاری نەخوازراو دەکاتە حالەتێکی دیفاکتۆ، هەربۆیە "ئازادی" لەناواخنی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا،تابڵێی ووشەیەکی زۆر پوچ و نابەجێ دەمێنێتەوە، دەستەواژەی "ئازادی" لەبەردەم نەبونی ئیرادەو خواست بۆ هەڵبژاردنی کاروو ژیان و گوزەران، لەبەردەم چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسانتەنها مانای ئازادیە بۆ بازاڕو مامەڵەکردن بە هێزی کار لەلایەن سەرمایەدارانەوە.بەم جۆرەش گەڕانەوەی ئیرادەو شکۆی ئینسان تەنها لە ڕێگەی هەڵوەشانەوەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و بازاڕەکەیەوە دەستەبەر دەبێت و مانا پەیدادەکات.

هەر لەم ئاراستەیەوە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا لە هەر فۆرمێکدا ڕەنگ بداتەوە،ئەو ماناو ئامرازەیە کە بێئیرادەکردنی ئینسانەکان عەمەلی وبەرجەستە دەکاتەوە. دەسەڵاتی سیاسی لە هەر شێوازو فۆرمێکدا لەلایەن چینی بۆرجوازیەوە ڕێکخرابێت و دامەزرابێت تەنها ئەو دەزگایەیە کە دەستوورو یاساو بریارەکانی بالآدەستی کەمینەیەک بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگادا بە هەند وەردەگرێ و کاری پێدەکرێت.

مەترسیدارترین شێوازیش لە جۆرەکانی دەسەڵاتی بۆرجوازی بۆ زیاتر بەرجەستەکردنەوەی بێئیرادەیی و گۆشەگیرکردنی خەڵک بۆ دووریان لە هەڵسورانی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسیدا، ئەو جۆرەیە لە دەسەڵات کە ئایدۆلۆژیایەک دەکاتە هێمای پیرۆزی بۆ دەوڵەت و پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی، جا ئەو ئایدۆلۆژیایە هەرچیەک بێت ئاینی بێت یا نەتەوەیی، تائیفی بێتیان ڕەگەزی ...جیاوازیان لە ڕادەی بێئیرادەکردن و چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا نابێت و چەندین پاساو دەکەنە مایەی ڕەسمیەتدان بە چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان.

لەم سەرەتایەوە دەمەوێت بچمە ناو جۆرێک لەدەسەڵاتی سیاسی کە ٤٣ ساڵە کۆماری ئیسلامی لە ئێران پەیرەوی دەکات، دەسەڵاتێک کەبە هیچ جۆرێک ماناو فرسەتی بۆ ئیرادەی ئینسانەکان نەهێشتوەتەوە، دۆزەخێکی وەهای بۆ دانیشتوانی ئێران هێناوەتە گۆڕ، کە هیچ جۆرە مافێکی بۆ ژنان و منداڵان و کرێکارو زەحمەتکێش تیا بە ڕەسمی ناناسرێت، ئاینی ئیسلام و مەزهەبی شیعەیان کردۆتە ئایدیۆلۆژیەکی پیرۆز بۆ لە قاڵبدانی ژیان و گوزەرانی تەواوی دانیشتوانی ئێران، کە سەرکوتی ئیرادەوهەموو بێمافیەک و بەرخوردی نائینسانی بە حوکمی کوتەک و سێدارە دەسەپێنێت.

هێژمۆنی و دەخالەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی ژیان و گوزەرانی ئینسانەکاندا چوارچێوەیەکی وەهای فەراهەمهێناوە کە هەموو جومگەکانی ژیانی خەڵکی کۆنترۆڵکردووە، هەرلە پۆشاک تا خواردن و بگرە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیشی لەخواست و ئارەزوو ویستی خەڵک داماڵیوە، هەموو ئەمانەو زیاتریش بەمانایەک تەعبیر لە مامەڵەی ئەوپەڕی بێئیرادەکردنی ئینسانەکان دەکات، کە تەنها لە پێناو ئەوەدایەکە دەبێت ئێران وەک کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، کاری بەکرێی هەرزانی تێدا بەڕێوەببرێت، واتە ئاینی ئیسلام ئایدیۆلۆژیایەکە دەتوانێت بەکاربهێنرێت بۆ ڕەخساندن و سەپاندنی هێزی کاری هەرزان، بۆ سەپاندنی بێئیرادەکردنی ئینسانەکان، بۆسەپاندنی دەسەڵاتی کەمینە بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگەدا، واتە دینێکە گونجاوە بۆ دەسەڵاتێکی سیاسی کەدەستکراوەیە بەدڕندانە ترینشێواز تەعبیر لە خۆی بکات، هەربۆیە ڕوخانی کۆماری ئیسلامی و جیایی دین لە دەوڵەت و پەروەردە پێداویستیەکی حەیاتی و گرنگ و هەر ئێستایە بۆ دانیشتوانی ئێران.

تەنها ڕێگا بۆرزگاربوون لەم بارودۆخە پەردەهەڵماڵینە لەو بارودۆخ و ئایدیایانەی بێئیرادەکردنی ئینسانەکان بەرجستە دەکەنەوە،هەوڵدان و کارکردن و خەباتە بۆ گەڕانەوەی ئیرادەی ئینسانەکان بۆ بریاردان لەسەر دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان و بریاردان لەسەر چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی خۆیان. ئەمەش تەنها لەڕێی جێگیربونی دەسەڵاتێکەوەیە مانا پەیدا دەکات کە تەعبیر لە زۆرینەی دەنگ و

دەوری خەڵک بکات، دەسەڵاتێک کە تەعبیر لە دەورودەخالەتی راستەوخۆی خەڵک بکات، بەمانایەکی بەرجەستەتر واتا دەسەڵاتی شورایی.

دەسەڵاتی شورایی دەتوانێت ئەو دەسکەوتەبێت بۆ بەشەریەت، کە تەواوی زۆرینەی خەڵک لەهەر شوێنێکی دنیادا بن، دەبێتەتەعبیر بێت لەوەی کە ئینسانەکان بە ئیرادەی خۆیان بریار دەدەن لەسەر ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی خۆیان، دەسەلاتی شورایی لەرێگەی ئیرادەیەکی شۆرشگێرانەی جەماوەریەوە بەدەست دێت کە نەفی هەموو جۆرە نمونەیەکی دەسەڵاتی بۆرجوازی و سەرو خەڵکی بکاتەوە.

خرۆشان و راپەرینی جەماوەری بۆ وەستانەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا و بۆ روخانی هەر جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی کە پارێزەری کاری بەکرێ و خاوەنداریەتی هۆکانی بەرهەمهێنانە، ئەو ساتەوەخت و هەنگاوەیە کە جەماوەری تورەو نارازی دەیانەوێت رۆڵی شکۆی ئیرادەی خۆیان بگەرێننەوە، هەر بەم مانایە خرۆشان و راپەرینە جەماوەریەکانی خەڵکی ئێران ئەو هەنگاوە پێشرەوەیە کە دەیانەوێت شۆرشێک بەرپابکەن تاکۆتایی بە بێئیرادەکردنی ٤٣ ساڵەیان بسرنەوە، ئەم خرۆشانە هەنگاوێکە بەرەو شۆرشێک لەپێناو بەدەستهێنان و جێگیرکردنی ئیرادەی خەڵکی ئێران، بۆیە دەبێت سەربەخۆیی و شکۆی ئەو ئیرادەیە تەواو پارێزراوبێت، پارێزراوبێت بەو مانایەی پێویستە بەر بەوە بگیرێت کە هیچ هێزو لایەنێک نەتوانن لەناو ئەم خرۆشانە جەماوەریەدا کاری پاڵەوانێتی و سەروخەڵکی بەهەر پاساوو بیانویەک ئەنجام بدەن و بسەپێنن، هەرهێزو لایەنێک گەر دەیانەوێت ببنەبەشێک لەمبزوتنەوە شۆرشگێریە جەماوەریە، پێویستە پێشوەخت پابەندبێت بەمەرجی پاراستن و پەیگیربونی ئیرادەی خەڵک بۆ دەورو دەخالەتی راستەوخۆیلەدەسەلاتی سیاسیدا، پابەند بێت بە جێگیر بونی دەسەڵاتی شوراییەوە.

هەرهێزێک لەم چوارچێوەیە دەربچێت کە لەدەرەوەی ئیرادەی خەڵک و دەسەلاتی شورایی هێژمۆنی هێزەکەی بکاتە مەبنا،بەمانای ئەوە دێت کە جاریکیتر بە جۆرێکیتر یان بەرێگایەکیتر لەباری عەمەلیەوە ئەو هێزە هەوڵدەدات بۆ بێئیرادەکردنەوەی خەڵکی ئێران و دەبێتە هێزێکی دژ بە شۆرش.

★

# بۆچوونی مەنسور حیکمەت سەبارەت بە عیلمانیەت

## لە وەڵامی پرسیارێکی وەرزنامەی(پرسش)دا زستانی ساڵی ٢٠٠١ ئەنجام دراوە..

**مەنسور حیکمەت:** عیلمانیەت دەبێ هەر بەوشێوەیە پێناسە بکەین کە باوە. ناکرێت رادیکالیزمێکی زۆر بچەسپێنین بەم مەقولەیەوە. عیلمانیەت واتە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و پەروەردەو فێرکردن. جیاکردنەوەی دین لە ناسنامەی هاوڵاتی و پێناسەکردنی ماف و دەسەڵات و ئەرکەکانی هاوڵاتیان. کردنی دین بە مەسەلەی تایبەتی تاکەکان. ئەوکاتەی کە ئیتر دینی تاکەکان لەپێناسەکردنی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەوان و لەپەیوەندی نێوان تاک و دەوڵەت و تەنانەت بیرۆکراسیدا حیسابی بۆ نەکرێت. بەمجۆرە عیلمانیەت کۆمەڵێک هەلومەرجی لانی کەمە. بۆنموونە من ناتوانم هەموو هەڵوێستگیریی خۆم بەرامبەر بەجێگاورێگای دین لەنێو کۆمەڵگادا، لەچوارچێوەی ئەم مەقولەیەدا جێبکەمەوە. من تەنها خوازیاری عیلمانیەت نیم، بەڵکو خوازیاری خەباتی هوشیارانەی کۆمەڵگەم لەگەڵ دیندا. خوازیاری ئەوەم کە چۆن بەشێک لە داهاتی کۆمەڵگە بۆ بەرگرتن بە مەلاریاو نەخۆشیە درمەکان خەرج ئەکرێت، هەرچۆن لەدژی ستەمکێشی ژنان، نەژادپەرستی، ئازاردانی منالان، هوشیارانە سیاسەت دائەرێژرێت، بەهەمانشێوە وزەو توانایەک لە کۆمەڵگەدا بۆ سرینەوەی ئاسەواری دین تەرخان بکرێت. هەڵبەتە مەبەستم لە دین، دامەزراوەی دینی و دینە پێناسەکراوەکانە، نەک ئەندێشەی دینی و تەنانەت بڕوابوون بە دینە کۆنەکان و ئەوانەی ئێستا. من کەسێکی دژی دینم و خوازیاری ئەوەم کە کۆمەڵگە سنوورێکی زۆر زیاتر لەوەی کە لە سیستمێکی عیلمانیدا هەیە، بۆ دینی خۆڕێکخستوو" و "پیشەسازیی دینی" دابنێت. ئەگەر قانوون دیانەتەکان ناچاربکات کە خۆیان وەک کۆمپانیا قازانج هێنەرەکان و دامەزراوە ئەهلیەکان ناونووس بکەن، باج بدەن، لەژێر پشکنیندابن، یاسای کار، یاساکانی پەیوەست بەقەدەغەکردنی هەڵاواردنی جنسی، مافەکانی منالان، قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی درۆ، قەدەغەکردنی تۆمەت و وروژاندن، یاساکانی پاراستنی گیانداران وتاد رەچاو بکەن، ئەگەر وەک "پیشەسازیی جگەرە" مامەڵە لەگەڵ "پیشەسازیی دین"دا بکرێت، تەنها ئەوکاتە ئێمە لە هەڵوێستێکی مەبدەئی لەبەرامبەر مەودای خۆنواندنی دین لەکومەڵگەدا نزیک دەبینەوە.

★

# گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەربارەی خرۆشانی جەماوەری لە شارەکانی ئێران دژی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی!

**ئۆکتۆبەر: خرۆشانی جەماوەری ژنان و لاوان و خەڵکی ستەمدیدەی ئێران، کە دوای کوشتنی ژینا ئەمینی تەقیەوە، نزیک دەبێتەوە لە دومانگ و ڕۆژبەڕۆژ فراوانتر و توندتر دەبێتەوە، ڕژێمی ئیسلامی بەهەموو شێوەیەک لەهەوڵی کپکردنەوەو سەرکوتکردنیدایە، بەڵام بەردەوامبوونی بۆ ئەم ماوە زۆرە، ئەوە نیشان دەدات کە ڕژێم توانای سەرکوتکردنی ئەم خرۆشانەی نەبێت!**

**بەبڕوای ئێوە هۆکاری ئەوە چیە کە ئەمجارەیان، بەپێچەوانەی جارەکانی دیکەوە، ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیەی خەڵک بەوجۆرە بەردەوامی هەیە؟**

ڕێبوار ئەحمەد: ناکامیی تائیستای ڕژێمی ئیسلامی لە سەرکوتکردن و بەرگرتن بەم خرۆشانە جەماوەریە، لە گشتی ترین ئاستدا لەلایەک بەرئەنجامی بەرفراوانی خرۆشانەکەیە لە ڕوی جوگرافیەوە و لەلایەکی ترەوە بەرئەنجامی گۆڕانی هەلومەرج و هێزهاوسەنگیە لەنێوان خەڵک و ڕژێمدا. ئەم هاتنەمەیدانە ئەوەندە بەرفراوانە کە ڕژێم فریای سەرکوتی ناکەوێت و هێزەکەی بەشی ناکات. بەجارێ دەیان شار و لە چەندین مەیدانی هەر شارێکدا جەماوەر، هەرچەندە لە ئاستێکی سنورداردا، هاتونەتە مەیدان. بەڵام فاکتەرێکی گرنگتر، گۆڕانی هێزهاوسەنگیە بەزیانی ڕژێم. بەمانایەکی تر هەلومەرجەکە گۆڕاوە. لە دڵی هەلومەرجی ئێستادا، دەربڕینی نارەزایەتی و نا وتن بە ڕژێم بەتەواوی خۆی سەپاندوە. تازە هاوسەنگی هێز ئەوەی تێپەڕاندوە کە نا وتن بەم ڕژێمە بەربیگیرێت و ڕژێم بتوانێ حەرامی بکات. ڕاستە لەو ڕۆژەوە کە ئەم ڕژێمە هاتوەتە سەرکار بەردەوام خواستی لەگۆڕنانی ڕژێم و تەنانەت بزوتنەوەی ڕوخاندنی ئەم ڕژێمەش لەئارادا بووە، بەڵام ئێستا ئیتر هاوسەنگیەکە گۆڕاوە. دژایەتی لەگەڵ ڕژێم داسەپاوە و ڕژێم ناتوانێ بە کردەوە بەر بەمە بگرێت. ئەم هاوسەنگیە بەجۆرێک گۆڕاوە کە کەلێن و ناکۆکی ناوخۆی ڕژێمی قوڵکردوەتەوە. ئەمە پێشڕەوییەکی ستراتیژی زۆر گرنگە لەڕێگای ڕوخانی ڕژێمدا. هەڵبەت ڕژێم تائیستا درێغی نەکردوە لە سەرکوت و کوشتار، بەڵام هێشتاش نابێ مەترسی سەرکوت و لەخوێنهەڵکێشانی بزوتنەوەکە بەکەم بگرین. چاوەڕوانی سەرکوتی زۆر فراوانتر لەم ڕژێمە دەکرێت کاتێک مەترسی ڕوخانی گەورەتر دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا نەوەیەک کە ئێستا پێکهاتەی سەرەکی ئەم بزوتنەوەیە پێکدەهێنێت، دری بە سەرکوت و تۆقاندنی ڕژێم داوە. تازە ڕژێم هەرچیەک بکات توانای ئەوەی نەماوە ئەم نەوەیە وەکو نەوەکانی پێشوو بەتایبەت نەوەی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩بتۆقێنێ. تەنانەت ئەو سەرکوتەی دەیکات دەبێتە بورکانی توڕەیی و دەچێتەوە بە گژی خۆیدا. فاکتەرێکی تر کە گوشاری داناوە لەسەر ڕژێم، ئەو پشتیوانیە مەزنە جیهانیە کە لە هەر چوارگۆشەی جیهانەوە هاتوەتە مەیدان. ئیتر سەردەم سەردەمی سەرەتای هەشتاکان نیە کە ڕژێمی ئیسلامی چارەکە ملیۆنیک لەناو چواردیواری ئێراندا دوور لە چاو و لە دەخالەت و کاردانەوەی خەڵکی دنیا، بە پەتی سێدارە بخنکێنێ. ئێستا گوشارێکی توند و فراوانی جیهانی بەسەر پەلەپیتکەی چەکەکانی دەستی بەکرێگیراوانی ڕژێمەوەیە کە نیشانەیان لە خەڵکی ڕاپەڕیو گرتوە. بەشەریەتی موتەمەدینی جیهان لەئاسێکی فراواندا بۆ پشتیوانی لەم خرۆشانە شۆڕشگێرانەیە هاتوەتە مەیدانەوە. لەڕاستیدا ئەم خرۆشانە بە کردەوە بووە بە بزوتنەوەیەکی جیهانی. کاریگەری زۆری بووە لەسەر جیهان و گۆڕینی ئەو فەزا فکریە کۆنەپەرستانەیەی کە بورژوازی غەربی لەسەر کۆمەڵگاکانی وەکو ئێران برەوی پێداوە. ئەو زهنیەتە نەژادپەرستە ڕاسیستی و دژی ژنانەی کە لە قاڵبی نسبیەتی فەرهەنگیدا(هەرکەس بەپێی فەرهەنگی خۆی) بورژوازی لە غەربدا بیروهۆشی جەماوەری پێ لەقاڵبدابوو، خەریکە لەژێر کاریگەری ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێرە ژنانەیەدا تەفروتونا دەبێت. واتە نە تەنیا خەڵکی ئازادیخواز و بزوتنەوە پێشکەوتوانەکان لە ئاستێکی بەرینی جیهانیدا بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ئێران هاتونەتە مەیدانەوە، بەڵکو جیهان بە توندی لەژێرکاریگەریی ئەم بزوتنەوەیەدا قەراری گرتوە و مەسەلەی ژنانی بردە قۆناغێکی ترەوە و زهنیەتی جیهانی بەرامبەر مەسەلەی ژن گۆڕیوە. بە دیاریکراوی هەم لە ئاستی جیهان و هەم بە تایبەت لە ئاستی ناوچەکەدا تین و تەوژمێکی بەهێز دەدات بە بزوتنەوەی ئازادی ژنان و یەکسانیخوازی بە گشتی.

**ئۆکتۆبەر: ئێوە هۆکارەکان و ناوەرۆکی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئەم بزوتنەوەو خرۆشانە چۆن لێک دەدەنەوە؟**

ڕێبوار ئەحمەد: ئەمە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە و ڕادیکاڵ و چەپە. دروشمی سەرەکی و بەرجەستەی ئازادی و یەکسانیە. ئەم بزوتنەوەیە کە نیشانەی لەسەرتاپای ڕژێمی ئیسلامی و ماهیەتی ڕژێم گرتوە، خەسڵەت و ناوەرۆکی

جمهوری ئیسلامی خەسلەت و ناوەرۆکێکی شۆڕشگێرانە و چەپی بەم بزوتنەوەیە بەخشیوە؛ واتە خەسلەت و ناوەرۆکی ئەم خرۆشانە دروست لە بەرامبەر خەسلەت و ناوەرۆکی رژێمی ئیسلامی و کارکردی زیاتر لە ٤٠ سالی ئەودا خۆی گەڵاڵە کردوە.

بەوپێیەی ئەم رژێمە ئیسلامیە، بزوتنەوەکەش دژی ئیسلام و دژی دین و نەریتە دینیەکانە. بەوپێییەی ئەم رژێمە بەشێوەیەکی توندڕەوانە دژی ژنە، بزوتنەوەکەش بەشێوەیەکی توندڕەوانە ژنانەیە و ئازادی ژنی کردوە بە دروشمێکی سەرەکی و مەسەلەی یەکسانی کردۆتە ئالای خۆی. بەوپێییەی ئەم رژێمە پارێزەری هەژاری و زولم و ستەمی سەرمایەیە، بزوتنەوەکەش دژی هەژاری و نەداری و تەنانەت دژی کەپیتالیستیە. بەوپێییەی ئەم رژێمە دژی ئازادی و سەرکوتگەرە، بزوتنەوەکەش بەهەمان رادە ڕادیکاڵ و ئازادیخوازە. هەر بەم جۆرەش لەبوارەکانی تردا. بنەما و پایەکانی ئەم بزوتنەوەیە بریتیە لەو زولم و ستەم و ئاپارتاید و سەرکوت و هەژاری و نەداریەی کە دەیان ساڵە ئەم رژێمە بەسەر کۆمەلگای ئیراندا دایسەپاندوە. قڵشت و ناکۆکیە قوڵەکانی ناو ئەم کۆمەلگایە و ستەم و بێدەرەتانی بەئاستێک گەیشتوە کە ئیتر بۆ جەماوەری ستەمدیدە تەحەمول ناکرێت. بۆیە نەفرەت و تورەیی کەڵەکەبووی دەیانساڵەی خەلکی ئیران، لەجەرگەی هەلومەرج و هێزهاوسەنگی ئیستادا دەرفەتی تەقینەوەی پەیداکردوە بۆ هەڵپێچانی سەرتاپای ئەم رژیمە.

ئەم خرۆشانە جەماوەریە چەپە و لەیەکەم هەنگاویدا چەند خاڵی گرنگی بەقازانجی پلاتفۆرمی کۆمۆنیستی تۆمارکردوە.

بەرجەستەکردنەوەی ئازادیی ژن و یەکسانیخوازی، پیداگری لەسەر ئازدی و دژایەتی ئیسلام، وەستانەوە دژی نەداری و بێدەرەتانی سەرمایەداری و...، کە بەشگەلی گرنگن لە پلاتفۆرمی کۆمۆنیزم و راستەوخۆ بەچینی کرێکارەوە پەیوەستن، هەر لەئیستاوە پێگەیەکی بەهێزیان لەم حەرەکەتەدا پەیداکردوە.

ئەمانە تەنها دروشم و خواست نین. ئەمانە بەشێکن لەخەسلەتی بزوتنەوەکە و ئامانجەکانی و ئایندەی ئیران و تەنانەت ناوچەکە و جیهانیش، بە توندی دەکەونە ژێر قورساییانەوە. بەبروای من لە سایەی ئەم هەلومەرجەدا کۆمەلگای ئیران و فەزای گشتی ناوچەکە بەرەو چەپ وەرچەرخاوە. ئەمەش دەرفەتێکی فراوانی بەروی کۆمۆنیزمدا کردوەتەوە بۆ نەخشاندنی ئایندەی ئەم کۆمەلگایە و دەبێ بەباشی کەلکی لێ وەرگرین.

**ئۆکتۆبەر: ئیستا خەڵکی راپەریو خودی بەدەنەی رژێمی جمهوری ئیسلامی نیشانە گرتوە. دروشمی "مردن بۆ جمهوری ئیسلامی" ، "جمهوری ئیسلامیمان ناوێ" دوو دروشمی زۆربەی خۆپیشاندان و ڕووبەڕووبونەوەکانن لەگەڵ دەزگا سەرکوتگەرەکانی رژێمدا. ئایا دەکرێ بڵێین ئەم بزوتنەوەیە لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی پێشووتر جیاوازە؟ ئەمجارە خەڵکی ئێران ئەو بریاریان داوە کە لە شۆڕشێکی سیاسیدا کۆتایی بەدەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی بهێنن؟**

ریبوار ئەحمەد: بزوتنەوەی روخاندنی جمهوری ئیسلامی بەئەندازەی تەمەنی ئەم رژێمە تەمەنی هەیە. ئەم بزوتنەوەیە درێژەی هاتنەمەیدانەکانی پێشوە. رادیکاڵبوون و یەکسانیخوازیەکەی بەرئەنجامی رۆڵی چینی کرێکارە لەمەیدانی سیاسی ئێراندا. بەدیاریکراوی ئەم بزوتنەوەیە بەتوندی لەژێر کاریگەری راستەوخۆی خرۆشانە جەماوەریەکانی ساڵانی ١٣٩٦ و ١٣٩٨ کە بەراپەرینی برسیەکان بەناوبانگن. ئەم بزوتنەوەیە پشتی بە دەسکەوتەکانی مانگرتنە فراوانەکانی پێنج ساڵی رابردوی چینی کرێکار بەستوە کە لە ناوەندە پیشەسازیە سەرەکیەکانی وەکو( ئاسن و هەفت تپە تا کانەکان و نەوت و گاز و پیترۆکیمیاوی) خۆی نیشاندا. ئەو مانگرتنانە سیمای سیاسی ئیرانیان گۆری و رۆڵی چینی کرێکار و ئازادیخوازی ئەم چینە و خواستی بەڕێوەبردنی شوراییی لە سەراسەری ئێراندا بەرجەستەکردەوە. چەپبوون و رادیکالبوونی ئەم بزوتنەوەیەی ئیستا و بەرجەستەبونەوەی یەکسانی، بەشێکە لە کاریگەری و رۆڵی چینی کرێکار لە ئاڵوگۆرەکانی ئەم ساڵانەی دوایی ئیراندا. چینی کرێکار لەم ساڵانەی دواییدا مۆری ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی داوە لە سیاسەت. ئەمە ئالوگۆرێکی قول و کاریگەر بوو کە گشت بەرەی راستی کۆمەڵگا بە دەسەلاتدار و ئۆپۆزیسیۆنەوە پێی هەراسان بوون.

بۆیە وانیە کە خواستی روخانی رژیم تازە هاتبێتە کایەوە لەلایەن خەلکی ئیرانەوە. بەلام جیاوازی ئەم خرۆشانە لەچاو ئەوانەی پێشوتر لەوەدایە کە پانوبەرینتر و سەراسەریتر و رادیکاڵتر و تارادەیەکی زۆریش بەرچاورۆشنە. بزوتنەوەی روخاندنی رژێمی ئیسلامی کە دەیانساڵە لەمەیدان و برەودایە، لەژێر کاریگەری هەلومەرج و رووداوە ناوخۆیی و جیهانیەکاندا هەندیکجار پەرەی گرتوە و هەندیکجار خاوبوەتەوە. هەر دەرفەتێکی دەستکەوتبێت هاتوەتە مەیدانەوە. بەڵام ئەم بزوتنەوەیە پێویستی بەوە بوو کە رێکخراو بێت و خاوەن ئاسۆیەکی سیاسی شۆڕشگێرانە و رابەریەکی رادیکال و سەراسەری بێت کە بتوانێ هەنگاوبەهەنگاو بەرەوتێکی دروست و سەرکەوتودا بەرەوپێشی بەرێت. ئیستا خاراوتر و پانوبەرینتر و بەرچاوی رۆشنتر و رادیکالتر بوەتەوە، کە بە رۆشنی لە دروشمەکانیدا خۆی نیشان ئەدات. هیچ خۆشباوەریەکی بەهیچ یەک لە باڵەکانی رژیم نیە و پیداگرە لەسەر

هەڵپێچانی سەرتاپای ئەم رژیمە. ئەگەر بەشێوەیەکی سەرەتایش بێت رەوتی رێکخراوبونی دەستی پێکردوە. هەروەکو پێشتریش باسمانکرد بەشێکی تر لە جیاوازیەکانی ئەم بزوتنەوەیەی ئێستا پەیوەندی بە هەلومەرج و گۆڕانی هاوسەنگی هێزەوە هەیە بە زیانی رژێم. دەکرێ بڵێین ئەم بزوتنەوەیە کە دەمێکە لە مەیداندایە پێناوەتە قۆناغێکی تازەوە، قۆناغێک کە راهێنان دەکات لەسەر دابینکردنی مەلزوماتەکانی روخاندنی شۆڕشگێڕانەی رژێم. لەم ریگایەشدا زۆر بەخێرایی بەرەوپێش دەروات. ئەگەر بتوانێ لەسەر رێچکەیەکی دروست و دوور لە ریسک و هەنگاوی پێشوەخت برواتەپێشەوە، دەتوانین بڵێن ئەمرۆژانە تازە رۆژە خۆشەکانی جمهوری ئیسلامی دەبن.

**ئۆکتۆبەر: لەرووی سیاسیەوە دەکرێ چ ناوێک لەم خرۆشانەی ئێستا بنێین؟ هەندێک بە شۆڕش ناوی دەبەن و هەندێک بە راپەڕین. ئایا کام تێرمی سیاسی دەتوانرێ مانایەکی راست و دروست لەم خرۆشانە جەماوەریە بدات بەدەستەوە؟ ئەگەر ناکرێ بە شۆڕش و راپەڕین ناوی بەرین بۆچی؟ دەبێ چی روبدات تا ئەم خرۆشانەی خەڵک تا ئاستی شۆڕش و راپەڕین برواتا؟ ئایا دەکرێ بڵێین کە ئێستا بارودۆخی سیاسی ئێران بە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەدا تێدەپەڕێت؟**

ریبوار ئەحمەد: بێگومان ئێران لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێرانەدا قەراری گرتوە. ئیرادەی شۆڕشگێرانەی جەماوەری کریکار و زەحمەتکێش پەرەیگرتوە و دەیانەوێ کۆتایی بهێنن بەم رژێمە. ناکۆکی و مەینەتەکانی بەجێگایەک گەیشتون کە ئیتر بۆ جەماوەری خەڵک لە تەحەمولکردن نایەن. لەروانگەی خەڵکی راپەریوەوە هەموو رێگاکان بۆ ئالوگۆر و باشتربوونی دۆخەکە داخراوە و تەنها رێگا هەڵپێچانی رژێمە. خودی رژێمیش دوچاری قەیرانێکی سیاسی و ئابوری خنکێنەرە و ریگای دەربازبوونی لەبەردەمدا نیە. دەربارەی ئەوەی کە ئایا ئەمە شۆرشە یان راپەرین یان کام تێرمی سیاسی دەتوانێ بە دروستی تەعبیری لێ بکات، هەرچەند رەنگە بەشێک لە چەپەکان پێی قەڵس بن، من ناوی هەستان یان بزوتنەوەی نارەزایەتی شۆرشگێرانەی بۆ هەڵدەبژێرم. شۆرش پرۆسیسێکە و بێگومان ئەمە بەشێکە لەو پرۆسیسە، بەڵام ئەگەر لە دەستەواژەی راپەرین وردبینەوە مانای هەستانێکی جەماوەریە بۆ پەلاماردانی دامودەزگاکانی رژێم و تەفروتوناکردنیان. هێشتا بەم مانایە راپەرین نیە. ئەم خرۆشانە جەماوەریە هەرچەندە کە هەتا بڵێی رادیکاڵ و توند و پانوبەرین و پرشۆرۆشەوقە و ئامانجی روخانی رژێمە، بەڵام هێشتا لەقاڵبی دەربرینی نارەزایەتیدایە. خاڵی دەستپێکردنەکەشی کاردانەوەیەکی مەزن بوو بەرامبەر تاوانێکی درندانەی رژێم. بێگومان ئەو خاڵی دەستپێکردنە زۆر یەکلاکەرەوە نیە. ئەم نارەزایەتی و نەفرەتە فراوانە ئەگەر بەرامبەر تاوانی کوشتنی مەهسا ئەمینیش نەبوایە هەر لەجێگایەکی ترەوە دەتەقیەوە. بەهەرحاڵ من پێموایە شۆڕشێک لەئێراندا لە حاڵی شکلگرتندایە و رژێمی ئیسلامی ناتوانێ خۆی لەم شۆرشە لابدات، بەڵام ئەوەی کە کەی بەئەنجام دەگات و چ پرۆسەیەک دەبریت و چ هەوراز و نشێو و تەحەدیاتێک دێتە بەردەمی، بە زۆر فاکتەرەوە گرێی خواردوە.

**ئۆکتۆبەر: لایەنە لاوازەکان و مەترسیەکانی بەردەم ئەم خرۆشانە چیە و تۆ چ رەوت و پرۆسەیەک بۆ سەرکەوتنی پێشبینی دەکەیت؟ رۆڵی چینی کریکار لەم خرۆشانەدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

رێبوار ئەحمەد: مەترسی گەورە یاریکردنی نامەسئولانەیە بەم بزوتنەوەیە کە ئەحزابی راستڕەو و تەنانەت بەشێکی بەرچاویش لە چەپەکان ئەیکەن. هاندانی یەکلایەنە بۆ هاتنەسەرشەقام و خۆپیشاندانی هەموو رۆژە بەبێ گوێدانە قوربانیەکان و ئەو خوێنەی رۆژانە دەرژێت، هاندان و پەلکێشکردنی بزوتنەوەکە بۆ بەرپاکردنی شەڕی پێشوەخت لەگەڵ رژێم، کە هۆکار و دەرفەت و پاساو دەدەنە دەست رژێم بۆ سەرکوتی خوێناوی، مەترسیەکی گەورەیە لەبەردەم ئەم بزوتنەوەیە. ئێستا جەنگێکی واقعی لەنیوان جەماوەری خەڵک و رژێمی ئیسلامی لەئارادایە. ئەمە بەراستی جەنگە. دەبێ مەیدانەکان و شێوازەکان و ئامرازەکانی بەدروستی دەستنیشان بکرێت، بەجۆرێک کە دەرفەتی پەلامار لە رژێم تەنگ بکاتەوە. بەتایبەتی کە رژێمی جمهوری ئیسلامی سەرتاپا چەکدار و خاوەن گەڵێک دامودەزگای پیسی سەرکوتگەرە و ئامادەیە خوێنێکی زۆر برژێت بۆ بەرگری لە مانەوەی خۆی. بزوتنەوەی روخاندنی ئەم رژێمە رێگایەکی پڕ پێچ و دەورانی لەبەردەمدایە. ئەگەر بەرێرەوێکی دروستدا نەرواتەپێش و دروست مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە نەکرێت، مەترسی ئەوە لەئارادا هەیە کە لەم جەنگەدا ئەگەر بەشێوەی کاتیش بێت شکست بخۆین، یان قوربانیەکی لەرادەبەدەر بدەین. مەترسی ئەوە هەیە دوچاری زەربەی کاریگەر ببین و رەوتی شۆرش پێچ و دەوەران و ئاڵۆزی تێبکەوێت. لەم جەنگەدا دەبێ بەوپەری هوشیاریەوە هەنگاوبەهەنگاو برۆینەپێشەوە. دەبێ لەهەر هەنگاوێکدا تاکتیکی دروست بگیرێتەبەر و خواست و دروشمی ئەوتۆ بخریتەروو کە توانای داسەپاندنی هەبێت. بۆنمونە ئەوە روونە کە بزوتنەوەکە لەم ئاستەی ئێستایدا توانای روخانی رژێمی نیە. بەم ئاستە لە هاتنەمەیدان و بەم ئاستە لە ئامادەییەوە ناتوانێ رژێم بروخێنێ. بەڵام ئەتوانێ بۆنمونە حیجابی ئیجباری

⇐

هەڵوەشێنێتەوە.

دەتوانێ ئەو هەزاران کەسەی دەستگیرکراون ئازاد بکات. دەتوانێ فەزایەکی سیاسی ئاوەڵاتر داسەپێنێ بەسەر ڕژێمدا. دەتوانرێت لەگەرەک و کارگە و زانکۆ و قوتابخانە..و.. بەشێوەی دیفاکتۆ یاسا و ڕێسا ئیسلامی و دەوڵەتیەکان تورهەڵدرێن...و...ئەمانەش جگە لەوەی کە خۆیان لەخۆیاندا دەسکەوتی گرنگن، لەهەمانکاتدا ڕەوتی ڕوخانی ڕژێم هەمواردەکەن. هاوسەنگی هێز بەقازانجی شۆڕش زیاتر دەگۆڕن. حەماس و توانای شۆڕشگێرانەی زیاتر بە بزوتنەوەکە دەبەخشن. تا دەگاتە ئەو ئاستەی لە هەستانێکی جەماوەری هێرشبەرانە بۆسەر دامودەزگاکانی ڕژێم و ڕاماڵینیان بە سەرکەوتن دەگات. بێگومان ئەمەش ئامادەیی و مەلزوماتی خۆی پێویستە. ئاشکرایە کە بزوتنەوەکە هێشتا لەو ئاستەدا نیە کە هێرش بەریت بۆ هەڵپێچانی دامودەزگاکانی ڕژێم. ئەگەر لە ئێستادا کاری وا بکرێت ریسکێکی گەورەیە، دەستبردنە بۆ جەنگێک کە کاتی نەهاتوە و ئامادەیی بۆ نەکراوە، ئەگەر پێش کاتی خۆی دەست پێبکات ڕژێم تیایدا براوە دەبێت. تەنانەت ئەو هاندانەی کە بەرەی ڕاست و بەشێکی زۆر لە لایەنە چەپەکانیش دەیکەن بۆئەوەی هەموو ڕۆژ خەڵک برژێنە سەرشەقام و دروشمی مەرگ بۆ ڕژێم بڵێنەوە، جۆرێکە لە جەنگی پێشوەخت. ئەوان بۆیان گرنگ نیە کە چ قوربانیەک دەدرێت و چ کوشتاریک لە خەڵک دەکریت. خەونی ئەوەی کە بەمجۆرە ڕژێم دەروخێت و ئەوان دەرۆنە سەر کورسی دەسەڵات، سەرمەستی کردون. بەڵام ئەگەر لەروانگەی بەرژەوەندی بزوتنەوەکەوە چاوی لێ بکەین، هەموو ڕۆژ چوونەسەر شەقام و وتنەوەی دروشمی مەرگ بۆ ڕژێم و مانەوە لەم چوارچێوەیەدا کارساز نیە. تەنها دوبارەکردنەوەی خۆپیشاندان جگە لەو قوربانیەی کە خەڵک دەیدات، سەرئەنجام خەڵک ماندوو دەبێت، بەبێ ئەوەی دەستکەوتێکی مەلموسی سەپاندبێت. ئەمەش زەربە لەروحیەتی شۆڕشگێرانە دەدات. لەجیاتی ئەوە دروست وایە لە هەر هەنگاوێکدا لەسەر خواست و دروشمی ئەوتۆ پێدابگرێت کە بتوانێ ڕژێم تەسلیم بە خواستەکانی بکات. ڕژێم لەگەڵ دروشم و خواستی بروخێ سازش ناکات و تەسلیم نابێت، بەڵام ئەگەر لە ئێستادا پێداگری لەسەر هەڵوەشانەی حیجابی ئیجباری و ئازادی دەستگیرکراوەکان و ئازادی سیاسی بکرێت، دەتوانرێ هەنگاوێکی تر هاوسەنگیەکە بە قازانجی خەڵک و بزوتنەوەی روخاندنی ڕژیم بگۆڕێ. دەبێ ئەوەمان لا ڕون بێت کە بزوتنەوەی ڕوخانی ڕژێم تەنها خۆپیشاندان نیە، تاکتیک و سیاسەتی پێویستە، ئاسۆی سیاسی و هوشیاری پێویستە، یەکگرتن و ڕیکخراوبون و سازمانی پێویستە، ڕابەری پێویستە. بەدیهێنانی ئەم مەلزوماتانە خۆی بەشێکە لەپرۆسەی شۆڕش و ڕاپەڕین. ئەمانە دەبێ لە دڵی ئەم بزوتنەوەیەدا کە هەر ڕۆژە هەنگاوێک پاشەکشە بەسەر ڕژیمدا دەسەپێنێ، فەراهەم بین و بزوتنەوەکە مەحکەم و بەهێزتر و بەرچاوڕۆشنتر و ڕێکخراوتر بێت و بەرەوتێکی دروستدا بەرەوپێش بروات. تا دەگاتە ئەو ئاستەی توانای هەبێت بەهەستانێکی جەماوەری هێرشبەرانە ڕژێم و سەرجەم دامودەزگاکانی ڕابماڵێت. لەرەوتی چونەپێش بەم ئاراستەیەدا دەکرێت ئاستەنگیەکانی ئێستای بزوتنەوەکە هەڵبگیرێت. مەبەستم لەوەیە کە بزوتنەوەکە لەگەڵ ئەوەی لەرووی پانتایی جوگرافیەوە پان و بەرینە، بەڵام هێشتا بە ئەندازەی پێویست جەماوەری نیە و لەروی بەشداری خەڵکەوە سنوردارە. پێویستە بەو ئاقارەدا برواتەپێش کە جگە لە لاوان، جەماوەری فراوانی خەڵک بگرێتەبەر. هەڵبەت مەبەستەکەم هەرئەوە نیە کە حەتمەن جەماوەری فراوانی خەڵک بە خۆپیشاندانی ئێستاوە پەیوەست بن، بەڵکو مەبەستم بەشداری جەماوەرە لە دەستەبەرکردنی مەلزوماتەکانی ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێرانە بۆ هەڵپێچانی یەکجاری ڕژێم.

مەسەلەیەکی زۆر گرنگی تر ئەوەیە کە لە گەرەک و کارگە و مەیدانەکانی کاردا کۆبونەوە گشتیەکان بەرپابکرێن. لەو کۆبونەوانەدا گفتوگۆ لەسەر چیکردن و چۆنکردن بکرێت، بۆئەوەی یەکدەستی و هاودڵی و یەکێتی لەناو جەماوەر بێتەکایەوە. ئەم کۆبونەوە گشتیانە بکرێنە بنەمای دامەزراندنی شوراکان و ڕێکخراوەکانی گەرەک و کارگە و فەرمانگەکان. بەوجۆرە بەریزی یەکدەست و ڕیکخراو و بەبەرچاویکی ڕۆشنترەوە هەرڕۆژە تین و تەوژمێکی تر بدریت بە هاتنەمەیدان و بەردەوام گوشارەکان لەسەر ڕژیم و مەیدانەکانی جەنگ لەگەڵی فراوانتر بکرینەوە. ڕێکخراوبوون و بەرپاکردنی شورا و یەکیتی و کۆمیتەکانی شۆڕش و..هتد مەرجێکی هەرە گرنگی بەهێزبوون و چوونەپێشە بە ئاراستەیەکی دروستدا. دامەزرانی ئەم ڕیکخراوانە کە مایەی یەکدەستی و یەکدەنگیە لەناو جەماوەردا، بایەخەکەی لە خۆپیشاندان زیاترە نەک کەمتر. ئەوەی کە دەتوانێ ئەم بزوتنەوە بەرێتە قوناغێکی بەرزترەوە و نزیکتری دەکاتەوە لەو ئاستەی کە هەم توانای ڕوخانی ڕژیم و هەم توانای نەخشاندنی ئایندەی دوای جمهوری ئیسلامی هەبێت، شکلگرتنی ئەم ڕیکخراوانەیە. ئەمڕۆ وەکو ئامرازی خەبات و یەکێتی و هاودەنگی و ڕابەری ڕۆڵی خۆیان دەگیرن و سبەینیش ئۆرگانی دەسەڵاتداریتی جەماوەری دەبن.

مەسەلەیەکی زۆر چارەنوسساز ڕۆڵی پێشرەوانەی چینی کریکارە. پێشتر باسم کرد کە ڕادیکالیەت و یەکسانیخوازی ئەم بزوتنەوەیە بەشێکە لە کاریگەری ئامادەیی

چینی کریکار لەمەیدانی سیاسی ئیران لەم ساڵانەی دواییدا. ئیستاش بریاری کۆتایی بۆ روخانی شۆڕشگیرانەی رژیم بەرای من بەدەست چینی کریکارە. ئەوەی کە سەرئەنجام دەتوانێ پشتی رژێم بشکێنێ و بڕستی لێ ببڕێت، هاتنەمەیدان و رۆلی رابەری ئەم چینەیە. بەلام پێداگری من لەسەر رۆلی چینی کریکار هەر بەو مانایە نیە کە حەتمەن دەبێ کریکارانیش لە کارگە و پرۆژەکانەوە بینەمەیدان و پەیوەستبن بە خۆپیشاندانەکانی ئیستاوە. خۆپیشاندان هەمووشت نیە. مەسەلەی هەرە گرنگ بەبروای من ئامادەکاری رابەران و پیشرەوانی ئەم چینەیە بۆئەوەی چۆن بە ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و بە ئاسۆی سۆسیالیستی و بەریزیکی ریکخراوەوە لەئیستا و ئایندەی ئەم بزوتنەوەیەدا رۆلی پێشرەوانە بگیریت. رۆلی پێشرەوانەی چینی کریکار هەم بۆ روخانی شۆرشگیرانەی رژیم هەم بۆ چەسپاندنی بەدیلی شۆرشگیرانەی دەسەلات زۆر چارەنوسسازە. بەبێ ئەمە روخانی رژێم بەشێوەی شۆڕشگیرانە ئەستەم و هاتنەسەرکاری بەدیلێکی شۆرشگیرانە کە خواست و ئامانجەکانی جەماوەری ستەمدیدە دەستبەر بکات، مەحالە. دەستبردن بۆ فەراهەمکردنی مەلزوماتەکانی ئەم رۆلەی چینی کریکار لەلایەن رابەرانی عەمەلی و کۆمۆنیستی کریکاریەوە، زۆر گرنگترە لە خۆپیشاندان. هەرچەند لە دەیان سالی رابردودا چینی کرێکار هیچ کات مەیدانی وەستانەوە بەرامبەر رژێمی خالّی نەکردوە. هەر لەم خرۆشانە جەماوەریەشدا بەشێوازی گونجاوی خۆی، بە مانگرتنەکانی، بەشداری هەبوە و لە پشتی دروشم و داخوازیەکانی راوەستاوە. چینی کرێکار بەوێنەی رابەری کۆمەڵگا بۆ رزگاری یەکجاری، دەبێ بە ڕیز و ئالای سیاسی سەربەخۆی سۆسیالیستیەوە ئەم بزوتنەوەیە بەرەو ئازادی و یەکسانی واقعی رابەری بکات.

**ئۆکتۆبەر: کۆمۆنیستەکان دەتوانن و دەبێ چ ڕۆڵیک ببینین لەم خرۆشان و هەلومەرجە شۆرشگێڕانەیەی ئیستادا، تا بتوانن نەخشی خۆیان و چینی کرێکار وەکو رابەری شۆڕش و هێزی سەرەکی بۆ سەرنگونکردنی جمهوری ئیسلامی بەرجەستە بکەن؟ بەتایبەتی پاراستنی بزوتنەوەکە لە هەوڵەکانی بۆرژوازی و باڵی راست بۆ خۆکردن بە کوێخای خەڵک و نوێنەری شۆڕش مەترسیەکە. چۆن دەکرێ ئەم مەترسیە پووچەڵ بکرێتەوە؟ ئایا پێکهێنانی بەرە و بلۆکێکی چەپ و کۆمۆنیستی یان هاوکاری و کاری هاوبەش لە نیوان هیزە چەپ و کۆمۆنیستیەکان بۆ هەلومەرجی ئێستا پێویست و حەیاتی نیە؟**

ریبوار ئەحمەد: با لەم بەشەی کۆتایی پرسیارەکەتانەوە دەست پیبکەین. بەرای من ئەم دۆخە پیویستی بەوەیە کە کۆمۆنیزمی کریکاری بەوینەی نەریت و خەتیکی سیاسی جیاواز و سەربەخۆی تیژ و دەخالەتگەر خۆی بنوێنی و جیاوازیەکانی خۆی بەرۆشنی لەگەل سەرجەم بزوتنەوە و نەریت و لایەنە سیاسیەکان بە چەپ و راستەوە بەرجەستە بکات. کۆمۆنیزمی کرێکاری بە بەرجەستەکردنی تایبەتمەندی و جیاوازیەکانی خۆی دەتوانێ بەهیزبێت و هەژمونی پەیدا بکات. ئیمە دەزانین کە لە دنیای ئیستادا و بە دیاریکراوی لە ئیراندا چەندین رەوت و ئەحزابی سیاسی سەر بە بزوتنەوە غەیرە کریکاری و بورژوازیەکان لەژیر ناوی چەپ و کۆمۆنیزمدا کار دەکەن. ئەمانە هەرکامیان جۆرێکن لە کۆمۆنیزمی بورژوازی. کۆمۆنیزمی کریکاری نابێ و ناکرێ لەگەل هیچ لایەنێکی سەر بە بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی دیکە، بە ناوی بەرە یان هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، لەبیری دروستکردنی بلۆک و بەرەدا بیت، تەنها لەسەر ئەو بنەمایەی کە خۆیان بە چەپ و کۆمۆنیست دەزانن. بۆ کۆمۆنیزم ئەوە بنەمایە کە هەر لایەنێک لە واقعدا سەر بەکام بزوتنەوەی کۆمەلایەتیە نەک چ ناوێکی لەسەر خۆی داناوە. بیگومان ئەگەر باسی بەشەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمۆنیزمی چینی کریکارە، ئەوە لە هاوکاری عەمەلی و بلۆک و بەرە دروستیکردنیش زیاتر پێویستە. هەموو بەشەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی دژی کەپیتالیستی چینی کرێکار پێویستە لە حزبێکی کۆمەلایەتی گەورەدا یەکانگیر ببن. بەلام ئەگەر باسەکە دەربارەی کاری هاوبەش و بلۆک و بەرە دروستکردنە لەگەل هیزگەلیک کە بە خۆیان دەلّێن چەپ و کۆمۆنیست، بەلّام لەروی کۆمەلایەتیەوە بەشیک نین لە بزوتنەوەی سۆسیالیستی دژی سەرمایەداری چینی کریکار، ئەوە نەک کۆمەک ناکات بەلّکو دەبیتە مایەی سەرلێشیواندن و پەردەپۆشکردنی ئەو جیاوازیانەی کە دەبێ کۆمۆنیزم بەرجەستەی بکات. پێکهێنانی بەرە و بلۆک و ئیتحاد عەمەل لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانە لەژێر ناوی هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، خۆی جۆرێکە لە شایەتیدانی نارەوا لەسەر کۆمۆنیست بونی ئەو هێز و لایەنانە. لە کاتێکدا بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەرکی کۆمۆنیزمی کرێکارییە پەردە لەسەر کۆمۆنیست نەبونی ئەوان لابدات و بۆ جەماوەری کریکار و زەحمەتکێشی رون کاتەوە کە ئەوان بەشێک نیین لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی چینی کریکار، بەلّکو بەشێکن لە بزوتنەوەی چینەکانی تر و تەنها بۆ راکێشانی سەرنجی چینی کریکار و جەماوەری زەحمەتکێش ناوی کۆمۆنیزمیان لەسەر خۆیان داناوە.

هەلّبەت دەکریّت لە حالّەتی تایبەتی و دیاریکراودا کۆمۆنیزمی کریکاریی کارێکی هاوبەشی دیاریکراو لەگەل لایەن و ئەحزابی دیکە بکات. بۆنمونە دانی

مەنشور یان بەلگەنامە بۆ روخاندنی شۆڕشگێرانەی رژێم کە هەژمونی ئاسۆی شۆڕشگێرانە بەهێز بکات، ئەویش نەک لەژێر ناوی مەنشوری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، بەلکو تەنها بە ئیمزای ئەو حزبانەی کە هاورا دەبن لەسەری. یان بەرگری لە ئازادی سیاسی و پاریزگای لە مەدەنیەتی کۆمەلگا، یان بەرگرتن لە سیناریۆی قەومی و مەزهەبی و چۆنیەتی دەستکۆتاکردنی تاقمە قەومی و مەزهەبیەکان، یان وەستانەوە دژی ئەگەری دەولەتانی غەربی و ناوچەکە، یان هەر مەترسیەکی تر کە بەکردەوە هەرەشەیەک بیت لەسەر کۆمەلگا، یان بۆ بەرگری لەخواستیکی هەمەگیر یان هاوکاری بۆ سازدانی ئاکسیۆن یان مانگرتن یان هەر حەرەکەتێکی تایبەتی و دیاریکراو. بۆ ئەم مەبەستەش بەرای من ئەوە هیچ بایەخیکی نیە ئەو لایەنەی ئەو کارە هاوبەشەی لەگەل دەکرێت بە خۆی دەلێت چەپ و کۆمۆنیست یان نا، گرنگ ئەوەیە بە کردەوە پابەندبێت بەو کار و هەنگاوە هاوبەشەوە. هەلبەت لیرەدا باسەکەی من بە دیاریکراوی دەربارەی زەرورەتی هیچ یەک لەمانە نیە. ئەوەی کە کام لەمانە لە ئێستادا زەرورەتی هەیە، باسێکی ترە و دەکرێت بە جیاواز قسەی لێبکرێت. لیرەدا من ئەمانە تەنها وەکو نمونە دەهێنمەوە بۆ رۆشنکردنەوەی مەبەستەکەی خۆم.

بە کورتی و بەدەر لەمە دروستکردنی بەرە و بلۆک و ئیتحاد عەمەل لەگەل رەوتگەلێک کە لە بنەرەتدا بەشێک نەبن لە بزوتنەوەی کۆمەلایەتی ئیمە وەکو کۆمۆنیزمی کریکاری، لە ژێر ناوی چەپ و کۆمۆنیزمدا، نەک هەر ناپێویست بەلکو زیانبارە و دەبێتە مایەی سەرگێژە و نارۆشنی لەناو چینی کریکار و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کریکاریدا. بەپێچەوانەوە لەم دەورەیەدا سەربەخۆیی و بەرجەستەکردنی جیاوازیەکانی کۆمۆنیزمی کریکاری لەگەل هەموو شێوەکانی چەپ و کۆمۆنیزمی غەیرە کریکاری زۆر پێویست و حەیاتیە و ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی حیکمەتیزم وەکو نەریتیکی وەفادار بە لینینیزم. زۆر گرنگە کە لەم برگە مێژووییەی ئیراندا کۆمۆنیزمی کریکاری وەکو نوینەری چەپ و کۆمۆنیزم دەربکەوێت و هەژمونی پەیدا بکات. بەلام ئەم دەرکەوتنەی لەریگای بەرجەستەکردنی جیاوازی و تایبەتمەندیەکانی خۆیەوە ئیمکانی هەیە، نەک ئەوەندە خەتی خۆی کاڵ و کول بکاتەوە کە رەوتگەلی دیکەی چەپ و کۆمۆنیزمی غەیرە کریکاری لەگەلیدا هەست بە سازگاری بکەن. کۆمۆنیزمی کریکاری پێویستە بە خەتی سیاسی تیژی خۆی و بەرەخنەی قولی خۆی و بە دەخالەتگەری شۆڕشگێرانەی خۆیەوە بەرجەستە بیت و هەژمونی پەیدا بکات و لەم برگەیەدا نوینەرایەتی چەپ بۆ خۆی مسۆگەر بکات. بەتایبەتی کە بۆ کۆمۆنیزم و چینی کریکار روخاندنی شۆڕشگێرانەی رژیم تەنها سەرەتای کارە و هەمان رەوتی شۆڕشگێرانە بەبێ راوەستان بەرەو سۆسیالیزم و بەرپاکردنی کۆمەلگایەکی ئازاد و یەکسان و خالی لە ستەم و چەوسانەوە دریژە پێدەدەن.

مەسەلەیەکی گرنگی دیکە بۆ کۆمۆنیزم دەسکۆتاکردنی رەوت و بزوتنەوە بورژوازیە دژە شۆڕشەکانە.

بەدیاریکراوی بەرەی راستی پرۆغەربی پێکهاتوو لە کۆماریخواز و لیبرال و ئەو تەیفەی لە رژیم دابراون، تا سەلتەنەت خوازەکان لە ئاستی سەراسەریدا، وە ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستاندا. ئیستا بە فەزلی رادیکالیەت و شۆڕشگێری بزوتنەوەکە، ئەو لایەنانە ناچاربوون کە خۆیان لەگەل رەوتی شۆڕش هاورێگا نیشانبدەن و گوایە بونەتە لایەنگری شۆڕش. بەلام بیگومان هەر دەرفەتێکیان دەستکەوێت، بەتایبەتی ئەگەر رەوتی شۆڕش دوچاری ئاستەنگی و تەحەدیاتی قورس ببێتەوە، ئەوان بۆ یەک ساتیش دودلی ناکەن لەوەی کە مەقەسەکانیان دەربهێنن بۆ برینی رەوتی شۆڕش و بە پشتیوانی غەرب و دەولەتانی ناوچەکە پاڵ بە دۆخەکەوە بنێن بەرەو سیناریۆی تەلخ و نەخوازراو و ئالوگۆری فۆرمالی، بۆ دەستاودەست کردنی دەسەلات دور لە دەخالەتی خەلک و دور لە ئالوگۆری ریشەیی و شۆڕشگێرانە.

دەخالەتی دەولەتانی غەربی دیسان مەترسیەکی ترە. بورژوازی هاوچەرخ ئەزمونیکی زۆری هەیە لەتێکدانی رەوتی شۆڕش و نابێ ئەو مەترسیە بەکەم بگیرێت. لەکاتی خۆیدا کە بزانن رژیم شانسی مانەوەی نەماوە، بۆ تەنگکردنەوەی فەزای شۆڕشگێرانە و بەستنی دەستی کۆمۆنیزم و چینی کریکار، دەست بەکار دەبن و جۆرەها نەخشە و پلان دەهێننەگۆرێ. هەر لەئیستاوە بەناوی هاوکاری خەلکی ئیران و لایەنگری لە مافی مرۆڤ دەستیان بە جولە کردوە. جەنابی بایدن لە قالبی فریادرەسدا خۆی نیشانداوە و گوایە بەزوترین کات فریای خەلکی ئیران دەکەوێت. بەلام لەگەل نزیکبونەوەی روخانی رژیم یان بەرەورووبونی رەوتی شۆڕش لەگەل تەحەدیاتی گەورە، دەبێ چاوەروانی ئەوە بکرێت کە زەمینەی ئەم جموجولانە زیاتر و جولەکانیش جدی و فراوانتر دەبنەوە و هەلویست و سیاسەت و پلانی ئۆپۆزیسیۆن و ریزبەندیەکەی ئالوگۆری تیا دەکەوێت. دەبێ ئەمە بە جدی بگیرێت.

★

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ رێکخستن و رابەریکردنی شۆرشی سۆشیالیستی لەپێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی!**

# درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و مزایەدەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی!

## عەبدوڵا مەحمود

بەم دواییانە پەرلەمانی کوردستان، بەدەنگی ٨٥ پەرلەمانتاری "پارتی و یەکیتی و گۆڕان و پێکهاتەکان" تەمەنی خۆی درێژکردەوە بۆ ٣١/١٢/٢٠٢٣. دیارە ئەوە یەکەمینجار نییە پەرلەمانی کوردستان تەمەنی خۆی درێژدەکاتەوە، بەڵکو لەماوەی ٣٠ ساڵەی دەسەڵاتی پارتی و یەکیتی و هاوبەشەکانیان، حەوت جاری تر پەرلەمان تەمەنی خۆی درێژکردوەتەوە. پاساوەکانی پێشوو بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان؛ شەری ناوخۆ، ٣١ ئاب، ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی و کێبەرکێ لەسەر پۆستەکان، بووە...تاد

درێژکردنەوەی ئەمجارەی پەرلەمان تەواو جیاوازە لەدرێژکردنەوەی جارەکانی پێشووتر... لەگەڵ ئەوەدا کە کێشمەکیش و ململانێی نیوان خانەوادەی بۆرژوازی کورد و بەتایبەتیش لەنیوان پارتی و یەکێتیدا، درێژەی هەیە، بەڵام ئەمجارە یەکێتی و پارتی و گۆڕان و هاوبەشە ئیسلامیەکانیان لەهەلومەرجێکدا ناچار بەدریژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بوون، کە هەموویان توشی گرفتێکی بناغەیین، گرفتی نەفرەت و تورەیی جەماوەری لەسەرجەم دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد. بەشدارینەکردنی ٨٠% خەڵکی کوردستان لەهەڵبژاردنی پێشوودا، وەکو گۆشەیەک لەدرێژەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی کارنامەی ئەم دەسەڵاتە، وەرچەرخانێکی گرنگی لەهاوسەنگی هیزی جەماوەر و دەسەڵاتدا، خستەڕوو. لەوەش زیاتر ئەوەی نیشاندا کە خەڵکی کوردستان متمانەیان بەپرۆسیسی هەڵبژاردن، بۆ گۆڕانکاری و دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەماوە. ئەم وەرچەرخانە بۆ یەکەمینجار دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی لەخەوێکی قوڵ بێدارکردەوە تا ئەورادەیەی تۆشی شۆکی کردن. بەشدارینەکردنی ٨٠% خەڵکی کوردستان، لەکاتێکدا پارتی و یەکێتی لەرێگای جۆراوجورەوە گەورەترین لەشکریان بەخۆیانەوە بەستۆتەوە و قوتی بەشێکی یەکجار فراوانی خەڵکیان بەبارمتە گرتووە، ئەوەی خستەڕوو کە پارتی و یەکیتی نوینەرایەتی ئەوان ناکەن و پەرلەمانەکەشیان هیچ رەوایەتیەکی یاسایی نییە. بەمانایەکی تر خەڵکی کوردستان چۆن لەئاستی شەقامدا بەردەوام خەریکی وەرێخستنی نارەزایەتی و نەفرەت لەدەسەڵاتن، ئاواش لەئاستی فەرمی و گەمەی هەڵبژاردنەکاندا، ئەوەیان خستەڕوو، کە رەوایەتی بەو دەسەڵاتە نادەن.

لەدۆخێکی ئاوادا، وەرێخستنی هەڵبژاردن لەئاستی ناوخۆی کوردستاندا خۆکوژییەکی ئاشکرایە و لەسەر ئاستی رای گشتی دنیاشدا، لەزەویدانی ئەو پشتیوانییە کە تائێستا لێی بەهرەمەندبوون. دیارە یەکیتی و پارتی و هاوبەشەکانیان لەدەسەڵاتی هەرێمدا، لەسەر بنەمای هەڵبژاردنەکان بەدەسەڵات نەگەیشتوون و لەرێگای هەڵبژاردنەکانیشەوە، لەدەسەڵات ناخرێن، بەڵام گەورەترین چەکی پڕوپاگەندەی رەوایەتی بەخشین بەخۆیان بانگەشەکانیان لەپەیوەند بە دیموکراسی و هەڵبژاردنەوە لەدەست دەدەن.

بۆیە چ پارتی و چ یەکێتی و گۆڕان... سەرباری هەر ناکۆکی و ململانییەک کە لەگەڵ یەکتری هەیانە، بەڵام لەو خاڵەدا کۆکن، کە جەماوەرێکی تورەو ناڕازی لەبەرامبەر خۆیاندا دەبین و پێشمەرجی هەر هەڵبژاردنێک بەوە دەزانن، کە پاشەکشە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بکەن و تورەیی جەماوەری خاوبکەنەوە تا خۆیان لەشکستێکی دووبارە بەدووربگرن. بەشدارینەکردنی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا، هەر رەتکردنەوەی کایەی هەڵبژاردنەکان و بەشکستکێشانی نییە، بەڵکو بەمانای نا وتنە بە دەسەڵاتیان.

دواخستنی هەڵبژاردنی ئەمجارە راستەوخۆ ریشەی لەبزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستاندایە و خانەوادەی دەسەڵات بەدەستی کوردستان پێویستیان بە کاتە بۆ زەمینەسازکردن بۆ هەڵبژاردنێک کە رەوتی نارەزایەتیەکان خاوبکاتەوە و چەکی بایکۆت لە جەماوەر بسەنێتەوە. بەواتایەکی تر دواخستنی هەڵبژاردن ئامادەکارییە بۆ رووبەڕووبونەوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ تورەیی و نەفرەتی جەماوەری، کە خواستی رامالینی دەسەڵاتی هەیە.

هاتوهاواری بەشێک لە بۆرژوازی نارازی و ئۆپۆزیسیۆنە بودەڵەکەی و چەند ئەندام پەرلەمانیکی دابەستەو خانەنشیکراو لەسەر قوتی خەڵکی کوردستان، لەژێر ناوی وەستانەوە بەرووی دواخستنی هەڵبژاردندا تەواوکەری هەمان پلانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە و هەوڵیکە بۆ جوانکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی پارێزەری ئەو دەسەڵاتە. پەرلەمان لەژێر سایەی دەسەڵاتی میلیشییای ئەحزابدا بێت، یان پەرلەمان لەژێر سایەی وڵاتێکی دامەزراوەیی و

⇨ دیموکراسی ئەوروپا و ئەمریکادا بێت... هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت، کە ئەرکی بەرگرییە لە دەسەڵاتی بۆرژوازی و کۆمپانیاکان. وە هەرکاتێک پەرلەمان کەوتە بەرامبەر بەدەسەڵات و بەرژەوەندی کۆمپانیاکان، بە سادەیی دایدەخەن. ئەم بەشە لە بۆرژوازی ناڕازی کورد و ئەو دەنگە نارازیانەی تری ئەندام پەرلەمانەکان و نوخبەیەکی سیاسی لەهەرێمدا، کاتێک دەڵێن ماوەی یاسایی پەرلەمان تەواو بووەو شەرعیەتی نەماوە، بەخەڵکی کوردستان دەڵێن، کە پەرلەمان نوینەری خەڵک بووە، دەڵین دامەزراوەیەکی فەرمی بووە، پیرۆزی پەرلەمان دەخەنە روو... ئەوە لەکاتێکدایە پەرلەمانی کوردستان بەدرێژیی ٣٠ساڵی رابردوو نەک هەر پیرۆز نەبووە، بەڵکو بەکردەوە وەسیلەیەکی هەڵخەڵەتێنەرانەی بێ رۆڵ و گوێگری دەسەڵاتی میلیشییایی بۆرژوازی کورد بووە، بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کوردستان و لەوەش زیاتر بۆ شێواندی رای گشتی و بە رەوا نیشاندانی دەسەڵاتی حزبۆکراتی بۆرژوازی کورد.

خەڵکی کوردستان چۆن بە بایکۆت و بەشدارینەکردنیان لە هەڵبژاردنی پێشوودا، گورزێکی کوشندەیان لەپیگەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی داو نیشانیاندا کە پەرلەمان ڕیگایەک بۆ باشکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانیان نییەو هیچ چاوەروانیەک بۆ گۆرانکاری و تەنانەت بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەڕیگای هەڵبژاردنەکان و پەرلەمانەوە بەشوێنێک ناگات... ئاواش دەبێت هەوڵەکانی باڵە ناڕازییەکانی بۆرژوازی کورد و ئەو نوخبە سیاسییە، ریسوابکەن کە دەیانەوێت ئابڕو بۆ هەڵبژاردن لەژێرسایەی دەسەڵاتی میلشیاییدا بگێرنەوە و پەرلەمان وەکو کاریکاتۆرێکی فریوکارانە و دەمەزراوەیەکی فەرمی و پیرۆز بخەنە ڕوو... هەندێک لەو ئەندام پەرلەمان و نوخبە سیاسیەی ناسیونالیزمی کورد بانگەوازی ئەندام پەلەمانەکانی تر دەکەن کە لەپەرلەمان بکشێنەوە و ژمارەیەکیشیان کشانەوە بەپاساوی ئەوەی پەرلەمان ماوەی یاسایی بەسەرچووە و شەرعیەتی یاسایی نەماوە، کەچی ئەم جەنابانە ئەرک ناکێشن یەک تاکە دەستکەوتی ئەو پەرلەمانە بخەڕوو. جیا لەوانە ئەگەر ئەو ئەندام پەرلەمانانە، لەبەرامبەر بێمافی و سەرکوتی ئازادییەکان و خۆپیشاندەران، لەبەرامبەر لوشدانی مووچەی کرێکاران و کارمەندان و مووچە پاشەکەوتکراوەکان، لەبەرامبەر کوشتاری بەردەوام و رۆژانەی ژنان، لەبەرامبەر نۆکەرپیشەیی ئاشکرای حزبەکان بۆ وڵاتانی ناوچەکە، لەبەرامبەر دەستگیرکردنی بێپاساوی گیراوەکانی بادینان و تاد، دەستیان لەکار بکێشایەتەوە، لەوانەبوو کەسانێک بڕوایان پێبکەن کە لەخەمی یاساو ریزگرتن لەدەنگی دەنگدەرانیاندان... بەڵام کاتێک ئەو ریزە لە ئەندام پەرلەمان و حزبەکانیان لەبەرامبەر سەرەکیترین کیشەی خەڵکی کوردستاندا، بێدەنگ بوون و مێش میوانیان نەبووەو نییە و بەکردەوە نیشانیانداوە، کرێگرتەی موچەیەکی خەیاڵی و پارچەی ماشێنێکی حزبی چاوچنۆک و بەرگری لەدەسەڵاتن، ناتوانن هیچ کەسێک فریوبدەن.

بەکورتی چ حزبەکانی دەسەڵات و چ هیزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکان... تەبا بن یان لەململانێدابن، دەیانەوێت خەڵکی کوردستان لەگەڵ هەڵبژاردن ئاشت بکەنەوە و ئامادەیان بکەن بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوو، وە خەباتی شەقامیان بگوازنەوە بۆ ململانێی ناو پەرلەمانێکی کارتۆنی. کشانەوەی چەند ئەندام پەرلەمانێک یان مانەوەیان لە پەرلەماندا هیچ نییە، جگە لە مزایەدەیەکی سیاسی ئاشکرا. پەرلەمان لە کوردستان و لەژێرسایەی دەسەڵاتی میلیشییاییدا، هیچ نییە جگە لە روپۆشێک بۆ دەسەڵاتێکی حزبۆکراتی و میلیشیایی.

★

# ئۆکتۆبەر

## ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

oct.1917@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

# جامی جیهانی یان گۆڕستانی کرێکاران !

## مستەفا باهیر

بڕیاروایە یارییەکانی جامی جیهانی تۆپی پێ بۆ ساڵی ٢٠٢٢ لە ٢٠ی نۆڤەمبەر لە وڵاتی قەتەر دەست پێبکات، لە سەرتاسەری جیهاندا بەسەدان ملیۆن کەس زۆر بەشەوقو زەوقەوە چاوەڕوانی چرکەساتی دەستپێکردنی یارییەکانی جامی جیهانی تۆپی پێن، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەم هەموو ئامادەکارییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە ، بەشانو بازوی کام هێز دروستکراوە. یاخود ئەم کارانە بوبێتە هۆکاری مەرگ و چەوسانەوەو هیلاک بوون و بێ نان و ئاوکردنی هەزاران کرێکار. لە هەر وڵاتێک ئەم یارییە جیهانیە ئەنجام بدرێت بەهۆی ئەوەی کە میوانێکی یەکجار زۆر ڕوو دەکەنە ئەوشوێنە ، پێویستی بە دروستکردنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاری هەیە، بەتایبەتی لە بواری بیناسازی وەک دروستکردنی " گۆڕەپان بۆ ئەنجامدانی یارییەکان ، ریستورانت ،هۆتێل ، جێگای تایبەت بۆمانەوەی یاریزانەکان، هاتوچۆ ....تاد". دەوڵەتی قەتەریش ، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە پێویستی بەهێزو بازوی چینی کرێکارە . لە ٩٥٪هێزی کاری قەتەر لە کرێکارانی بیگانە پێکهاتوە. هەربۆیە قەتەر ناچاربوو نزیکەی ٢ملیۆن کرێکار لە " هندستان، سریلانکا، پاکستان، بنگلادیش، نیپاڵ. میسر " ..تاد بێنێت. ئەم کرێکارانە خۆیان ناتوانن سەربەخۆ بێن بۆ وڵاتی قەتەر و پێویستیان بە یەکێک هەیە پشتگیریان بکات ببێتە (کەفیلیان). بۆئەم مەبەستەش چەندەها کۆمپانیا دروست بوە . کرێکاران بۆئەوەی بگەنە قەتەر ناچاردەبن کە پێشەکی هەندێک پارەبدەن بەو کۆمپانیانە، ئەویش کۆمەڵێک بەڵێن دەدا بە کرێکاران کە هەر کرێکارێک لە لایەن خاوەنکارەکەیەوە " موچەی مانگانەی ٢٧٥ دۆلار ، شوێنیی نیشتەجێ بوون، خواردن و خواردنەوە، خزمەتگوزاری تەندروستی ، هێڵی ئەنتەرنێت بۆ پەیوەندیکردن بە کەسوکاریانەوە، هەموو پێداویستیەکی سەلامەتی کارکردن وەک جلو بەرگ و دەسکێش و کلاویان بۆ دابین دەکرێ و لەگەڵ چەندەها بەڵێنی تر.

بەڵام کاتێک ئەم کرێکارانە دەگەنە وڵاتی قەتەر وەک کۆیلە خاوەنی کۆمپانیاکە دەیان فرۆشێت بە سەرمایەدارە قەتەرییەکان، ئەوانیش بۆ موچەیەکی یەکجار کەمیان دەدەنێ کە جاری واهەیە ئەو موچە کەمەش بە ٦ مانگ جارێک وەریدەگرن، شوێنێکی ناتەندروست بۆ نوستن و خوراردنێکی خراپیان دەدەنێ. کارێکی یەکجار زۆریان پێدەکەن کە ڕۆژانە نزیک بە ١٤ کاتژمێر لەبەر ئەو گەرمایە کاردەکەن. هەرچەندە بە گوێرەی یاسای قەتەری لە هاویناندا بەهۆی گەرمای زۆرەوە نابێت کرێکاران لە کاتژمێر ١١،٣٠ بۆ کاتژمێر ١٥ لەبەر هەتاو کاربکەن، بەڵام ئەم کرێکارانە ڕۆژانە ١٤ کاتژمێر لەبەر ئەوهەتاوە گەرمە کاری بیناسازی دەکەن. بەهۆی ڕەچاونەکردنی سەلامەتی شوێنی کار و چەند هۆکاری تر ، بوەتە هۆی ژیان لەدەستدانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو کرێکارانە. بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتی بڵاوکراوەی گاردیانی بەریتانی لە ساڵی ٢٠١١ تاوەکو ساڵی ٢٠٢٠ زیاتر لە ٧ حەوت هەزار کرێکاریی بیانی لە وڵاتی قەتەر بەهۆکاری جیاواز ژیانیان لەدەستداوە. دەوڵەتی قەتەر، ئەو کرێکارانەی کە ژیان لەدەست دەدن، جەستەکانیان نا گەڕێنێتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان بەڵکو زۆرجار بەکۆمەڵ لە بیابانەکاندا دەکرێن بە ژێر خۆڵەوە.

ئەم کرێکارانە کاتێک لای خاوەن کارەکە دەستدەکەن بەکارکردن هەمو بەڵگەکانیان لێوەردەگیرێت وەک پەساپۆرت و پێناسەی (هویەی) شەخسی بۆ ئەوەی نەتوانن هەڵبێن. ئەگەر کرێکارێک بیەوێت لەو دۆزەخەی کە سەرمایەداران و دەوڵەتی قەتەر دروستیان کردوە بۆیان ڕزگاری بێت لە کاتێکدا کە برایەکی یاخود کەسێکی نزیکی دەمرێت هەوڵدەدات بەهەر جۆرێک بوە پارەیەک پەیدا بکات ئەو مردوە لەگەڵ خۆی بباتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی کە زیاتر مەبەست لەوکارە ڕزگاربونیەتی لەو وڵاتە. بەرامبەر بەم کارە نامرۆڤانەی دەوڵەتی قەتەر، بەشێکی زۆر لە ئازادیخوازان و نەقابە کرێکارییەکان و ئەحزابی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی بە تایبەتی لە ئەوروپا هاتونەتە دەنگ. لەژێر ناونیشانی" یارییەکانی تۆپی پێی جیهان ڕاگرن" ، حزبی چەپی بەلجیکی ڕاپۆرتێکی بڵاو کردوەتەوە و سەرنجی جیهانی بۆ ئەو کارەساتە ڕاکێشا. بەشێک لە یاریزانەکان بەتایبەتی یاریزانانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی وڵاتی ( نەرویج، هۆڵەندا ،ئەلمانیا،فەرەنسا،دانمارک ) داوایان کردوە کە بەشداری ئەو یاریانە نەکەن کە لەقەتەر ئەنجام دەدرێت. نەقابە کرێکارییەکان لە نرویج دژی ئەم کارە وەستاونەتەوە فشاریان بۆ فیفاو دەزگا دەوڵەتیەکان هێناوە تا بەر بەم کارەساتە بگرن.

لەژێر ئەم فشارانەدا دەوڵەتی قەتەر ناچار بوو کە کۆمەڵێک چاکسازی بکات، بەڵام زۆرێک دەڵێن چاکسازیەکەی قەتەر دەورێکی ئەوتۆی نەبوە لە سەر ژیان و گوزەرانی کرێکارەکان . مردنو خۆکوشتنو سوکایەتی کردن بەکرێکاران لە لایەن سەرمایەدارنی وڵاتی

# ئایا دژایەتیکردنی دین پێشێلکردنی ئازادیی بۆچوون و بیرورا دەربڕین نیە!؟

**وەڵامی مەنسور حیکمەت بە پرسیارێکی وەرزنامەی (پرسش) لە مێزگردی"باڵاکردن و ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی" .. زستانی ساڵی ۲۰۰۱**

**منصور حکمت** : من باسی دینی خۆرێکخستوو" و "پیشەسازی دینی" ئەکەم، نەک بیروباوەری دینی. هەموو کەسێک دەتوانێ هەر بیروباوەڕێکی هەبێت و دەرببڕێت و جاڕی بدات و خەڵکی لەدەور ڕێکبخات. پرسیار ئەوەیە کە کۆمەڵگە چ ڕێوشوێنێک دائەنێت بۆ پارێزگاری لەخۆی. کۆمەڵگەی ئەمڕۆ هەوڵ ئەدات منالان بەدوور بگرێت لە پڕوپاگەندەکانی پیشەسازیی جگەرەو بیانپارێزێت. لەبارەی پیشەسازیی دینیشەوە دەکرێ هەمان کار بکرێت. ئینسانی جگەرەکیش هەموو مافێکی خۆی هەیەو دەتوانێ هەر دامەزراوە و ئەنجومەنێک بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ باشیەکانی توتن و یەکخستنی جگەرەکێشەکان دروست بکات. بەڵام ئەمە بەمانای دەرگا خستنەسەرپشت نیە بۆ پیشەسازیی جگەرە. دەزگای دینی ئیسلام و دینە سەرەکیەکانی دیکە (مەسیحی، یەهودی، هیندۆسی وتاد...)، ئەنجوومەنی دڵخوازانەی ئەو کەسانە نین کە باوەڕیان بە ئەندێشەیەکی دیاریکراو هەیە، دەزگای سیاسي و دامەزراوەی مالیی زۆر گەورەن کە هەرگیز بەشێوەیەکی واقعی حیساب وکیتابیان لەگەڵدا نەکراوە، نەخراوەنەتە ژێر ڕکێفی قانوونە عیلمانیەکانی کۆمەڵگەوە و مەسئول نەبوون لەبەرامبەر کردەوەکانی خۆیاندا. هیچ کەسێک حاجی روحوڵلا خومەینی نەکێشایە دادگا لەسەر دەرکردنی فتوای کوشتنی سەلمان روشدی. ئەمە لەکاتێکدا کە هاندان بۆ کوشتنی ئینسان لەهەموو وڵاتانی جیهاندا تاوانە. ئەمە هێشتا گۆشەیەکی بچووکە لە تۆڕێکی کوشتوبڕ و بڕینی ئەندامەکانی لەشی ئینسان و تۆقاندن و ئینسان رفاندن و شکەنجەو ئازاردانی منالان. بەبروای من کارتێلی مادده بێهۆشکەرەکانی مدی ئێن (سکوبارەکان)و بازرگانانی چین و مافیای ئیتالیا (و ئەمریکا) بەئەندازەی پەنجە بچووکی دینە خۆرێکخستووەکان نابن. من باس لە خەباتیکی رەواو بەرنامەرێژیکراوی کۆمەڵگەیەکی ئازادو کراوە ئەکەم لەدژی ئەم دەزگاو دامەزراوانە. لەهەمانکاتدا بڕوابوون بەهەر شتێک، تەنانەت دواکەوتووترین و دژی ئینسانیترین بیروباوەر، بەمافی حاشاهەڵنەگری هەر ئینسانێک ئەزانم.

☆

---

قەتەرەوە بەردەوامە. تا ئێستاش کریکاران ئازاد نین ئەگەر کارەکەیان بەدڵ نەبوو، کار نەکەن. تائێستاش هەمو پێداویستیەکی سەفەرکردنی کرێکارەکان لە لای خاوەنکارە، کرێکاران بە بێ بوونی کەفیل ناتوانن بچن بۆ ئەو وڵاتە.

بەگشتی یاری تۆپی پێ وا دێتە پێش چاو کە وەسیلەیەکە تەنها بۆ خۆشی و سەر گەرمی، فیفا دەزگایەکە بۆ بەڕێخستنی ئەم یاریانە و بێلایەنە دەڕوانێتە ڕوداوە سیاسیەکان ، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەیت دەبینیت کە فیفا وەک کۆمپانیایەک بێجگە لەوەی کاری بازرگانی بەم یاریانەوەدەکات بوەتە وەسیلەیەک بەدەست وڵاتانی ڕۆژئاواوە. ئەو دەوڵەتانە فیفا بەکار دەهێنن بۆ فشار خستنە سەر ئەو وڵاتانەی کە نەیاریانن ،بە بەرچاوی فیفاوە زیاتر لە ٧ هەزار کرێکار لە قەتەر بە هۆی مامەڵەی نامرۆڤانەی خاوەن کارو کاربەدەستانی وڵاتی قەتەر بە شێوازی جیاوز مردون. هەررچەندە لەلایەن ئازادی خوازنو نەقابەکرێکاریەکان و حزبە کۆمۆنیستەکانەوە فشارێکی گەورەی لەسەرە، بەڵام نەیتوانیوە هەتاوەکو ئێستا هەنگاوی جدی بنێت بۆ باشترکردنی ژیانی ئەو کریکارانەی کە لەقەتەر کاردەکەن. بەڵام لەسەر داوی ئەو وڵاتانە ڕوسیایان لە پێشبڕکێکە دەرکردوە بە بیانوی ئەوەی کە هێڕشی کردوەتە سەرا ئۆکرانیا، ئێستاش دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئێرانیش دور دەخرێتەوە لەو پێشبڕکێکە بە بیانوی کوشتنی خۆپیشاندەران. لەکاتێکدا دەوڵەتانی بۆرژوایی ڕۆژاوایی نەک هەر دۆستی خەڵکی ئێران نین، بەڵکو نەخشیان هەبوەو هەیە لە کارەساتەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکەو دنیاش. لە کارەکانی فیفا گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە کە دەزگایەکە بەدەست دەوڵەتە رۆژ ئاواکان بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بەکاری دێنن، کاربەدەستانی فیفاش سودمەندی گەورە دەبن.

٨/١١/٢٠٢٢

---

**بەهرەمەندبوونی کرێکارانی کوردستان لە یاساکارێکی پێشڕەو و هاوچەرخ مەسەلەیەکی دەستبەجێی و هەنووکەییە بۆ پاراستنی ژیان و کەسایەتی و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران!**